# ئەلجەزیرە بۆ وادەکا؟

**ئەمیری حاجی داود**

**لەم چەند رۆژەی شەڕی ئازادی عێراقدا بڕوا ناکەم کەسێك هەبێت ئەو دیمەنانە قەبول بکات کە مرۆڤ دەکوژرێت و لەناو دەچێت بەڵام ئەو دیمەن و قوربانیانەش قوربانی ئەو رژێمە خوێن رێژەیە کە بەچەندین ساڵە خەڵك قەتل و عام دەکات و لەناو دەبات، رژێمی عێراقی وەکو پیشەی هەمیشەیی چەندین ساڵە خەڵك فریو دەبات بەراگەیاندنە چەواشەکار و شڕ و پڕ لە درۆ و قسە ناراستییەکانییەوە. ئەوەتە هێزەکانی هاوپەیمانان زۆربەی شوێنەکانی عێراقییان بڕییەوە و کۆنترۆڵ کردووە کەچی سەحافی وەزیری پرۆپاگەندەی عێراقی بەدەمە شڕەکانیەوە جنێو دەدات و دەڵێت هێزەکانی هاوپەیمانان تاوەکو ئێستا بەندەری ئوم قەسریان نەگرتووە ئەم هەواڵانە رۆژ نییە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە نەبینین ئەلجەزیرە وەك چۆن لە شەڕی ئەفغانستان ببوە دەمڕاستی هێزەکانی تاڵیبان و زمانحاڵی ئوسامە بن لادن، ئەوەتە ئێستاش بووە بەکوڕە نۆبەرەکەی صدام، بووە بەکەناڵی دووەمی تەلەفزیۆنە شڕەکەی عێراق. لەلایەك بەرگری لە بەعسییەکان دەکات لەلایەکی تریش پیاوە بەکرێگیراوەکانی عێراقی دەهێنێتە سەر تەلەفزیۆن یەکێك لەو بەکرێ گیراوانەی صدامیش عبدالباری عەتوانە کە رۆژ نییە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی ئەلجەزیرە نەبینین کە چۆن قسەی سەر زار و بن زاری جوێنە وەك چۆن سەحافیکی ترە لە دەرەوەی عێراق تەنها قسە پڕ درۆیەکانی عێراق باس دەکات تاوەکو ئێستا ئەو کەناڵە قسەیەکی وای بڵاونەکردۆتەوە خەڵك بڕوای پێ بکات بەقسەکانی کەناڵی ئەلجەزیرە هێزەکانی هاوپەیمانان وا لەناودەچن و تەواو دەبن، ئەم کەناڵە جگە لە جوێن و قسەی ناشرین شتێکی تر لەسەر زاری پلەدارانی بەعسی بڵاوناکاتەوە باشە ئەگەر ئەو شتانە بڵاوبکاتەوە ئەلجەزیرە ئەوە چ مانای راگەیاندنی سەربەخۆ دەگەیەنێ مەبەستی چییە ئەلجەزیرە لەم شتانە، باشە کەناڵی ئەلجەزیرە بارەگای سەرەکی خۆی لە دەوحەی پایتەختی قەتەرە، هێزەکانی فەرماندەی ئەمریکاش بەماوەیەکی کەم لەم بارەگایە دوورە کە سەرکردایەتی ئەم فەرماندەیەش جەنەڕاڵ (تۆمی فرانکس) فەرماندەی ئەم هێزانەیە لەم ناوچەدا، باشە ئەلجەزیرە چۆن لێدەگرێن سەرکردەکانیان بارەگاکانی هێزی ئەمریکی لەناوچەی ئەوانەوە عێراق بۆردومان بکەن و داگیربکەن. ئەوەتە ئەلجەزیرە لە دەستپێشخەرییەکی نامرۆڤانە دوور لە هەموو عورف و نەریتێکی رۆژنامەوانی بەبێ گوێ دان بە ئارەزوو و هەستی خەڵك ئەو دیمەنانەی سەربازانی ئەمریکی پیشاندا کە لەلایەن سوپای عێراقییەوە لاشەکانیان شێواندرابوون، ئەگەرچی ئەلجەزیرە بەم وێنانە دەیویست سەرکەوتنی سوپای عێراق بەسەر هێزەکانی هاوپەیمانان پیشان بدا بەڵام ئەم وێنانە تاوانێکی تری رژێمی عێراقی بوو بەرامبەر بەمرۆڤایەتی کە چەندین ساڵە ئەمە پیشەیانە، من نازانم ئەلجەزیرە بۆچی تاوەکو ئێستا ئەم یارمەتییانە پیشان نادات کە هێزەکانی هاوپەیمانان پێشکەشی ناوچە رزگارکراوەکانی عێراقی دەکات، بۆچی چاوپێکەوتن لەگەڵ مانگی سووری کوێتی ناکات کە چەندین رۆژە یارمەتی پێشکەش بە ناوچە رزگارکراوەکانی عێراق دەکەن، بۆچی ئەلجەزیرە ئەو بیرە نەوتانە پیشان نادات کە رژێمی عێراقی هەمووی سووتاند و تەقاندەوە هێزەکانی بەرگری کوێتی هاتوونە چاکی دەکەنەوە و ئاگرەکان دەکوژێننەوە، بۆچی ئەو ناوچانە پیشان نادات کە لە باشوری عێراقدا هەر ماڵ و فیداییەکی صدامی لەسەر داناوە بۆ ئەوەی هیچ هەستانێك نەکەن دژی ئەو رژێمە، بۆچی ئەلجەزیرە پەیامنێرێکی رەوانەی شاری کەرکوك ناکات وەك چۆن بۆ هەموو شارەکانی عێراق چووینە کە رۆژانە بەچاوی خۆیان ببینن چۆن رژێم ئەو ماڵە کوردانە دەردەکات و دەربەدەریان دەکات، چۆن رۆژانە ئەو رژێمە پیاوانی کورد را پێچی ئەمن و ئیستخبارات دەکات دوایش بێ سەر و شوێنیان دەکات. جا نازانم ئەلجەزیرە لەم بڵاوکردنانەوەیدا مەبەستی چییە ئایا مەبەستی ئەوەیە ئەوە پیشان بدات کە چەند لە کاری رۆژنامەوانییدا پسپۆڕن یاخود مەبەستێکی تریان هەیە. لە کۆتاییدا دەڵێم ئەگەر زۆری بەسەر شان و باڵی تالیبان گوت ئەوە سەری ئەوانی خوارد، پەنا بەخوا زۆری نەمایە سەری ئەو رژێمەش بخوات.**

amirdawod@yahoo.com

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە. ٧-٣-٢٠٠٣